# هەیئەی بەناو عولەمائی موسلیمین STOP
# وەڵامێك بۆ بەیاننامەكەی هەیئەی بەناو عولەمائی موسلیمین

**شكار ئەحمەد**
shkar_qaladzaey@yahoo.com

نكۆڵی لەوە ناكرێ كە میللەتی كورد هەر لە دێرزەمانەوە لەلایەن دوژمن و زلهێزە جۆراوجۆرە دەرەكییەكان و رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی ناوخۆی عێراق رووبەڕووی سەدان و بگرە هەزاران هێرش و هەڵمەتی دڕندانە و دوژمنكارانە بۆتەوە و بە هەر شێوە و شێوازێك بووبێت لە هەوڵی داگیر كردنی خاكی پیرۆزی كوردستان و سڕینەوەی ناوی ئەم میللەتەدا بوون، بەڵام لەبەرامبەردا میللەتی كورد لە هەموو سەردەمەكاندا چەندان شۆڕش و ڕاپەڕینی دژ بەم هەولانە بەرپا كردووە و ئامادە بووە بە هەموو چەشنێك بەرگری لە كوردستانی خۆی بكات و بیپارێزێت، لەم پێناوەشدا چەندین رۆڵەی ئەم میللەتە بوونەتە قوربانی و سەدان گوند وێران و خاپوور كراون و بە رووبار خوێن رژاوە، جینۆساید و كۆمەڵكوژی و راگواستن و ئەنفال و كیمیابارانیش هەر لەم خاكەدا كراوە. هەر بۆیە دەبینین لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتی و ئازارانەی كە ئەم میللەتە هاش بەسەرە توشی هات، بەڵام هەر كۆڵی نەدا و بەردەوام بوو لە كۆشش كردن بۆ گەیشتن بە ئامانج و مافە رەواكانی خۆی، هەر بۆیە ئەو ئەزموونەی ئێستا لەبەرچاوانە بەر و بەرهەمی رابردوومانە.

ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا تیشكی بخەمە سەر پەسەند كردنی پڕۆژەیاسای نەو و كانزاكانە لە هەرێمی كوردستان كە لە چەند رۆژی رابردوو لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە بڕیاری لەسەر درا.

هەموومان لە دەزگاكانی راگەیاندنەوە بینیمان و بیستمان كە لە دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان بڕیار لەسەر پەسەند كردنی پڕۆژەیاسای نەوت و كانزاكان درا لە هەرێمی كوردستان و دواتر لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەنووسیدا كە لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیراندا بۆ هەردوو بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەكان سازدرابوو، پڕبایەخی و گرنگی و ئەهمیەتی ئەم پەسەندكردنەیان خستەڕوو و بە یەكێك لە بڕیارە مێژوویی و گرنگ و چارەنووسسازیان بۆ میللەتی كورد وەسف كرد. هەر بۆیە پەسەند كردنی ئەم بڕیارە بووە جێگای دڵخۆشی هەموو میللەتی كورد و خەونێكی لەمێژینەیان هاتەدی..

بەڵام ئەوەی جێگای ئەسەف و داخی ئێمەیە ئەوەیە كە دوابەدوای پەسەندكردنی ئەم پڕۆژەیاسایە بینیمان هەیئەی بەناو عولەمائی موسلیمین بەیاننامەیەكیان دژ بەم پڕۆژەیاسایە دەركردووە.

ئەگەر بێتو شرۆڤەیەكی كورتی ئەم هەڵوێستەی هەیئەی بەناو عولەمائی موسلیمین بكەین، بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم بەیاننامەیە، دژ بە ئەزموونی میللەتی كوردە بەگشتی و هاوشێوە و درێژكراوەی ئەو هەوڵە دڕندانە و دوژمنكارانەیە كە دژ بە كورد كراوە و درێژەپێدەری رێبازی گڵاوی رژێمی بەعسی فاشی و دۆڕاو و لەناوچووە كە لە سەردەمی خۆی و پێش رووخانی دژی ئەم گەلە ستەم دیدەیە و ئەم خاكە پیرۆزە هەوڵ و تەقەلایان بۆ داوە. ئەوانە بە هزری گڵاو و بۆگەنی عەرەبی و شۆڤێنییەوە چاویان بەرایی نادات و دەیانەوێت دەستكەوتەكانمان تالان و بڕۆ بكەن.

تا دوێنی ئەمانە جەللاد و ئەڵقە لەگوێ و بەكرێگیراو و جاش و خزمەتكاری سەدامی گۆڕبەگۆڕ و دیكتاتۆر بوون و بە ئارەزووی خۆیان فتوای شەڕ و كوشت و بڕ و قڕكردنی نەتەوەكانی عێراق بە گشتی و كورد بەتایبەتیان دەدا، ئێستاش لەژێر ناوی "هەئیەی عولەمائی موسلیمین"ەوە دەیانەوێ سوننەی عەرەبمان لێ هان بدەن و هەڕەشەمان لێ لێدەكەن.

ئێوە جاشەكانی شەقاوەكانی عۆجە و بەچكەی هزر شۆڤێنییەكان، كاری ئێوەی بەكرێگیراوی رژێمی بەعسی دوێنێ و هەیئەی بەناو عولەمائی موسلیمینی ئەمڕۆ ئەوەیە كە دژی تیرۆر و ترس و تۆقاندن و زوڵم و ستەم بوەستنەوە كە دەرهەق بە هاونیشتیمانیەكانتان دەكرێت، نەك دەركردنی ئەم جۆرە بەیاننامە كرچ و كاڵ و دوور لە ئایین و دوور لە ئینسانیەت و دوور لە هەستی نەتەوەپەرستیانە.

با لە ئاست ئەم هەوڵ و لێدوانە ژەهراویانەی بەچكە بەعسی و دوژمنانمان، ئێمەی كورد یەك دەنگ و یەك هەڵوێست و هاوڕا بین و چیدیكە رێگە نەدەین عەرەبی جاهیل هیچ نەزان دووبارە خۆیان فەرز بكەن بەسەرماندا.